www.regayrasty.com

سورة الطلاق - سورەتی ژمارە 65 - ژمارەی ئایەتەکانی 12

بسم الله الرحمن الرحيم

(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )

1. يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاء فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا الْعِدَّةَ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ لَا
تُخْرِجُوهُنَّ مِن بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَمَن يَتَعَدَّ
حُدُودَ اللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ لَا تَدْرِي لَعَلَّ اللَّهَ يُحْدِثُ بَعْدَ ذَلِكَ أَمْرًا : پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ( بە ئومەتت ڕابگەیەنە ) : ئەگەر ژنانتان تەڵاق دا لە کاتی دیاری کراویاندا تەڵاقی بدەن , ( کە بریتی یە لەو کاتەی کە ئافرەت لە عادەی مانگانە پاک بۆتەوە ) حسابی ئەو کاتەش بە وردی ڕابگرن , ( ئەگەر لەو کاتە دیاریکراوانەدا یەکجار تەڵاقتان دا ئەوا با ئافرەتەکە لە ماڵی خۆیدا بمێنێتەوە ) دەریان مەکەن لە ماڵەکانی خۆیاندا , ئافرەتەکانیش با بە بێ ڕەزامەندی مێردەکانیان لەماڵ دەرنەچن , مەگەر کارێکی ناشیرین و نارەوای ئاشکرایان ئەنجام دابێت ( ئەو کاتە بابچن بۆ ماڵی مەحرەمێکیان ) ئا ئەوەیە سنوری خوا لەبارەی تەڵاقەوە , ئەوی سنوری خوا بترازێنێت ئەوە ستەم لە خۆی دەکات , ئەی ئیماندار ( تر نازانیت ) لەوانەیە دوای ئەو تێک چوون و ساردیە خوای گەورە بارودۆخێک پێشبهێنێت کە ( ئاشت ببنەوە و ڕێک بکەونەوە ) .

2. فَإِذَا بَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ فَارِقُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ وَأَشْهِدُوا ذَوَيْ عَدْلٍ مِّنكُمْ
وَأَقِيمُوا الشَّهَادَةَ لِلَّهِ ذَلِكُمْ يُوعَظُ بِهِ مَن كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ
مَخْرَجًا: کاتێک ماوەی دیاری کراویان بەسەر برد ( دوای یەک یان دوو تەڵاق ) بیان هێڵنەوە لای خۆتان هاوڕێ لەگەڵ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی چاکدا , یاخود وازیان لێ بهێنن و لێیان جیا ببنەوە لە ( سێهەم جاردا ) بە شێوەیەکی جوان کە مافیان پارێزراو بێت , لە کاتی جیابوونەوەی یەکجاریدا با دوو شایەتی خواناس و دادپەروەر لە نێواندا هەبێت , وە ئامادەی شایەتی ببن و بیپارێزن بۆ خوا و لەبەر خوا , بەم شێوەیە ئامۆژگاری ئەو کەسە دەکرێت کە باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوای هەیە , جا ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزکار بێت خوا دەروی لێ دەکاتەوە .

3. وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ

لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْرًا :وه له شوێنێكه‌وه ڕزق و ڕۆزوی پێده‌به‌خشێت كه حسابی بۆ نه‌كردبێت و به‌خه‌باڵیدا نه‌هاتبێت , جا ئه‌وه‌ی پشت به خوا ببه‌ستێت ئه‌و زاته‌ی به‌سه بۆ ئه‌وه‌ی یارمه‌تی ده‌ری بێت , چونكه به‌ڕاستی خوا ئه‌وه‌ی بڕیاری له‌سه‌ر هه‌بێت ئه‌نجامی ده‌دات , وه بۆ هه‌ر شتێك كاتێكی دیاری كراوی بڕیار داوه .

4. وَاللَّائِي يَئِسْنَ مِنَ الْمَحِيضِ مِن نِّسَائِكُمْ إِنِ ارْتَبْتُمْ فَعِدَّتُهُنَّ ثَلَاثَةُ أَشْهُرٍ وَاللَّائِي لَمْ يَحِضْنَ وَأُوْلَاتُ الْأَحْمَالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا :ئه‌و ئافره‌تانه‌ی نائومێد بوون له عاده‌ی مانگانه له هاوسه‌ره‌كانیان , گه‌ر كه‌وتنه گومانه‌وه ئاخۆ عاده‌ی مانگانه‌یان مابێت یان نا , ئه‌وا سێ مانگ چاوه‌ڕوان بكه‌ن , هه‌روه‌ها ئه‌وانه‌ش كه به‌هۆی كه‌م ته‌مه‌نیه‌وه هێشتا نه‌كه‌وتوونه‌ته عاده‌وه , ئه‌وانه‌ش سێمانگ چاوه‌ڕوان بكه‌ن , ئه‌و ئافره‌تانه‌ش كه سكیان هه‌یه ماوه‌كه‌یان ئه‌وه‌نده‌یه هه‌تا سكه‌كه‌یان داده‌نێن , جا ئوه‌ی له خوا بترسێت و پارێزكار بێت خوا كاری بۆ ئاسان ده‌كات .

5. ذَلِكَ أَمْرُ اللَّهِ أَنزَلَهُ إِلَيْكُمْ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْرًا :ئه‌مه فه‌رمان و سنوری خوایه كه ناردویه‌تی بۆتان , جا ئوه‌ی له خوا بترسێت و پارێزكار بێت خوا گوناهه‌كانی بۆ ده‌سڕێته‌وه و چاوه‌پۆشی لێ ده‌كات و پاداشتی زۆر و بێ سنوری پێده‌به‌خشێت .

6. أَسْكِنُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ سَكَنتُم مِّن وُجْدِكُمْ وَلَا تُضَارُّوهُنَّ لِتُضَيِّقُوا عَلَيْهِنَّ وَإِن كُنَّ أُولَاتِ حَمْلٍ فَأَنفِقُوا عَلَيْهِنَّ حَتَّى يَضَعْنَ حَمْلَهُنَّ فَإِنْ أَرْضَعْنَ لَكُمْ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَأْتَمِرُوا بَيْنَكُم بِمَعْرُوفٍ وَإِن تَعَاسَرْتُمْ فَسَتُرْضِعُ لَهُ أُخْرَى :ئه ئافره‌تانه‌ی كه ته‌ڵاقێك یان دوانیان ماوه به‌گوێره‌ی تواناتان جێگه و ڕێگه‌یان بۆ دابین بكه‌ن لای خۆتان , نه‌كه‌ن ئازاریان بده‌ن و زۆریان بۆ بهێنن و ته‌نگه‌تاویان بكه‌ن , خۆ ئه‌گه‌ر سكیان هه‌بوو وه سێ ته‌ڵاقیش درابوون هه‌ر مه‌سره‌فیان بكه‌ن و به‌خێویان بكه‌ن و خۆ ئه‌گه‌ر هاتوو منداڵه‌كه‌یان به‌شیری خۆیان گۆشكرد حه‌قی خۆیان بده‌نێ , ده‌كرێت به شێوه‌یه‌كی چاك و جوان ڕاوێژ له‌ناو یه‌كدا بكه‌ن بۆ به‌خێو كردنی منداڵه‌كه , خۆ ئه‌گه‌ر ڕێك نه‌كه‌وتن ده‌كرێت ئافره‌تێكی تر منداڵه‌كه‌ی بۆ به‌خێو بكات و شیری بدات .

7. لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آتَاهَا سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا :جا ئوه‌ی ده‌وڵه‌مه‌نده با به‌گوێره‌ی ده‌وڵه‌مه‌ندیه‌كه‌ی به‌خشنده بێت , ئه‌وه‌ش كه كه‌م ده‌ست و هه‌ژاره با له‌وه ببه‌خشێت كه خوا پێ ی به‌خشیوه , چونكه خوا به گوێره‌ی دارای هه‌ركه‌سێك داوای به‌خشین

دەكات  , دڵنیا بن كە خوا دوای تەنگانە هەرزانی دێنێت و دوای ناخۆشی خۆشی دێنێت .
8. وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ عَتَتْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهَا وَرُسُلِهِ فَحَاسَبْنَاهَا حِسَابًا شَدِيدًا وَعَذَّبْنَاهَا عَذَابًا نُّكْرًا : (لە سەردەمەكانی پێشودا ) چەندەها شار و شارۆچكە یاخی بوون لە فەرمانی پەوەردگاریان و فرستادەكانی , ئێمە زۆر بە توندی حسابمان بۆ كردن و سزایەكی توند و پڕ ئێشو ئازارمان بۆ پێشهێنان .
9. فَذَاقَتْ وَبَالَ أَمْرِهَا وَكَانَ عَاقِبَةُ أَمْرِهَا خُسْرًا :ئیتر گیرۆدەی بەڵای خۆیان بوون و ئەو سزایەیان چەشت كە دەستپێشكەریان بۆ كردبوو , وە سەرئەنجامی ئەو شوێنانە هەر زەرەرمەندی و خەسارەت مەندی بوو .
10. أَعَدَّ اللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا فَاتَّقُوا اللَّهَ يَا أُوْلِي الْأَلْبَابِ الَّذِينَ آمَنُوا قَدْ أَنزَلَ اللَّهُ إِلَيْكُمْ ذِكْرًا:لە قیامەتیشدا خوا سزای بە ئێشی اەناو دۆزەخ دا بۆ ئامادە كردون , دە كەواتە ئەی ژیر و هۆشمەندەكان ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێز كار بن , وە دڵنیا بن خوا قورئانی بۆ ئێوە دابەزاندوە .
11. رَّسُولًا يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِ اللَّهِ مُبَيِّنَاتٍ لِّيُخْرِجَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ وَيَعْمَلْ صَالِحًا يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا قَدْ أَحْسَنَ اللَّهُ لَهُ رِزْقًا :هاوڕێ لەگەڵ فرستادەیەک دا كە ئایەتە ڕوونەكانی خواتان بەسەردا دەخوێنێتەوە تا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و كردەوەی چاك ئەنجام دەدەن لە تاریكی دەریان بهێنێت و ڕزگاریان بكات و بیان خاتە ناو نوور و ڕوناكیەوە , جا ئوەی باوەڕ بهێنێت بە خوا و كردەوەی چاك ئەنجام بدات , دەیخاتە باخەكانی بەهەشتەوە كە جۆگە و ڕووبار بە بەردەم درەخت و ژێر كۆشكەكانی دا دەڕوات , وە لەوێ ژیانی هەمیشەی و هەتا هەتای دەبەنە سەر , بێ گومان خوا ڕزق و ڕۆزی چاك و فراوانیان پێدەبەخشێت .
12. اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ الْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا :خوا ئەو زاتەیە كە حەوت چین ئاسمانی دروست كردوە و زەویشی دروست كردوە بە وێنەی ئەوان , ئەم قورئانە , ئەم فەرمانانە بە نێوان هەموو ئەم ئاسمانانەدا دێتە خوارەوە , تا چاك بزانن كە خوا دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە , بێ گومان زانست و زانیاری خوا هەموو شتێكی گرتۆتەوە .